*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7

JORNAL OF LANGUAGE STUDIES

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Reflection of the Concepts of Life and Death in Hashim Saraj's Nano Poems

**Kawa Ali Mardan** *
**Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University \Erbil**
Kawa.mardan@su.edu.krd

**Received:** 01/09/2025, **Accepted:** 14/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

This research is entitled (The Reflection of the Concepts of Life and Death in Hashim Saraj's Nano Poems (It is an attempt to think more about the issue Contemplation of human existence and the philosophy of life plays a significant role in reflecting on the question of life after death. The concept of death drives the human mind toward introspection and self-questioning such as what transpires after death and how it differs from life on our planet. These and other related inquiries frequently arise, adding complexity to human thought. This study focuses on death and life as two impactful themes, aiming to explore and seek answers to these existential questions. To achieve this, the poetry of Hashim Saraji has been analyzed, as both themes are prominently featured in his work. Through profound contemplation of life and death, Saraji devotes substantial space to these topics in his precise verses, delving into their enigmatic depths. His approach encourages readers to reflect more deeply on these subjects and engage meaningfully with the themes. For this research, the method of artistic analysis has been employed to interpret the poetic texts. In analyzing Saraji's poetry, he engages with philosophical questions tied to these themes, placing greater emphasis on death than on life and examining the intricacies surrounding the subject. In doing so, he illuminates the mysteries and complexities intertwined with death, urging readers to confront these profound existential dilemmas.

**Keywords:** Soul, life death, body, poetry, world, philosophy.

* **Corresponding Author:** Kawa Ali Mardan**, Email:** Kawa.mardan@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7

# انعكاس مفهوم الحياة والموت في قصائد النانو لدى هاشم سراج

كاوه علي مردان

قسم اللغة الكوردية/ كلية التربية الأساس/ جامعة صلاح الدين – اربيل

**المستخلص:**

هذه الدراسة تحمل عنوان (**انعكاس مفهوم الحياة والموت في قصائد النانو لدى هاشم سراج**) إنها محاولة للتفكير أكثر في هذه القضية في مجيء الإنسان إلى الأرض وفلسفة الحياة يُعدّ محوراً مؤثراً في التأمل بقضية الوجود بعد الموت. فموضوع الموت يدفع ذهن الإنسان نحو التفكير وطرح الأسئلة عن الذات حول ماذا يحدث بعد الموت؟ وما الفرق بين تلك الحياة والحياة التي نعيشها على هذا الكوكب؟ مثل هذه الأسئلة، وغيرها من الأسئلة المرتبطة بالموضوع، تُعقّد ذهن الإنسان وتثير لديه مزيداً من الحيرة. تهدف هذه الدراسة إلى مناقشة قضيتي الموت والحياة كعاملين رئيسيين في التفكير والبحث عن إجابات لتلك الأسئلة، ومن أجل هذا الهدف تم تحليل أشعار هاشم سراج، حيث يتجلى كلا الموضوعين (الحياة والموت) بوضوح في أعمال الشاعر، من خلال تأمل عميق ورؤية فلسفية لقضايا الحياة والموت، أتاح مساحة واسعة حول هذا الموضوع داخل قصائد النانو في شعره، ونجح في استكشاف والتعمق في الأبعاد الخفية لهذين المفهومين. بهذا الطريقة، يُحفِّز عقل القارئ على التفكير بشكل أعمق في هذه المفاهيم والوقوف الأكثر تجاه هذا الموضوع. اعتمدت هذه الدراسة على المنهج التحليلي النقدي الفني، وتمت دراسة النصوص الشعرية بناءً على هذا الأسلوب. ومن خلال تحليل القصائد، طرح سراج العديد من الأسئلة الفلسفية حول هذه القضية، مع تركيز أكبر على الموت مقارنة بالحياة، ولامس الجوانب الماورائية المرتبطة بالموضوع.

**الكلمات الدالة:** الروح، الحياة، الموت، الجسد، الشعر، العالم، الفلسفة.

# ڕەنگدانەوەی چەمکی ژیان و مردن لە شیعرە نانۆکانی (هاشم سەڕاج)دا

کاوە عەلی مەردان

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

**پوختە**

بیرکردنەوە لە هاتنی مرۆڤ بۆ سەرزەوی و فەلسەفەی ژیان وەك چەمکێکی کاریگەر ڕۆڵی هەیە لە تێفکرین بۆ مەسەلەی بوونی ژیانی دوای مردن. بابەتی مردن زیهنی مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبات بکەوێتە بیرکردنەوە و پرسیار لەخۆکردن، کە لەودیو ژیانەوە واتە پاش مردن چی دەگوزەرێت، جیاوازییەکانی ئەوێ لەگەڵ ژیان لەسەر ئەم هەسارەیەی ئێمە لەچیدایە؟ ئەمانە و دەیان پرسی تری پەیوەست بەم بابەتە بەزیهندا دێن و مێشکی مرۆڤ ئاڵۆزتر دەکەن. ئەم توێژینەوەیە مەسەلەی ژیان و مردنی وەك دوو چەمکی کاریگەر بە بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکان بە ئامانج گرتووە، بۆ ئەم مەبەستە شرۆڤەی ئەو شیعرانەی هاشم سەڕاجی کردووە، کە هەردوو چەمکەکە تێیاندا بەرجەستە دەبێت. ناوبراو لەڕێگەی بیرکردنەوەی قووڵ و تێرامان لە مەسەلەکانی ژیان و مردن ڕووبەرێکی فراوانی بۆ ئەم بابەتانە لەنێو شیعرە نانۆکانیدا تەرخانکردووە و توانیویەتی بەنێو نهێنییەکانی چەمکی (ژیان و مردن)دا ڕۆبچێت، هەر لەم ڕێگەیەشەوە زیهنی خوێنەر دەورووژێنێ بۆ بیرکردنەوەی زیاتر لەمەڕ ئەو چەمکانە و هەڵوەستە لەسەرکردنێکی زیاتری بابەتەکە. بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە (ڕەخنەی شیکاریی هونەری) وەرگرتووە و دەقە شیعرییەکانمان بەهۆیانەوە شرۆڤەکردووە. لەمیانەی شیکردنەوەی شیعرەکاندا سەڕاج دەیان

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7

پرسیاری فەلسەفیانەی لەو بارەیەوە زەقکردووەتەوە، لەو نێوەندەشدا پتر لای لە چەمکی مردن بەراورد بە ژیان کردووەتەوە و پەنجەی خستووەتە سەر دیوە نهێنییەکانی پەیوەست بەو بابەتە.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕۆح ، ژیان ، مردن ، جەستە ، شیعر، دونیا ، فەلسەفە.

## پێشەکی

مردن و ژیان دوو چەمکی وابەستە و گرێدراوی یەکدین، مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتاکانی بوون و ژیانییەوە مانا و مەبەستەکانی ئەو دوو چەمکە بیری سەرقاڵکرووە و بەدوای نهێنییە شاراوەکانیاندا وێڵ بووە، ئەوەی زیاتر مژووڵی کردووە مەسەلەی مردنە؛ چونکە مردن کۆتایی بە هەموو جووڵە و چالاکییەکی زیندوو دەهێنێت و بۆ هەتاهەتایە لە جیهانی هەستپێکراوی ماددی دایدەبڕێت، هەروەها ئەوەی بۆ ئاشکرابووە، کە مرۆڤ جگەلەو جەستەیەی لە دۆخی زیندوویێتیدا لە بزاوتن و چالاکیدایە هاوکات دینەمۆ و هەڵسووڕێنەری ئەمانەش ڕۆحن، بە دەرچوونی ڕۆحیش جەستە لەکاردەکەوێت و مردنی کەسەکە مسۆگەر دەبێت. ئەم توێژینەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو چەمکی ژیان و مردن تیشک دەخاتەسەر شیعرە نانۆکانی (هاشم سەڕاج) و دیوە نهێنییەکان و مانا قووڵەکانی شرۆڤ دەکات.

### ناونیشان و بواری توێژینەوە

ناونیشانی توێژینەوە (**ڕەنگدانەوەی چەمکی ژیان و مردن لە شیعرە نانۆکانی (هاشم سەڕاج)دا** لەژێر ڕۆشنایی هەردوو چەمکی ژیان و مردن شرۆڤەی شیعرەکانی شاعیر کراوە، لەونێوەندەشدا پرس و مەبەستە قووڵەکانی نێو دەقە شیعرەکان بەهەند گیراون و هەڵوەستەیان لەسەر کراوە.

### گرنگی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە مەسەلەکانی ژیان و مردن وەك دوو چەمکی کاریگەر لە چەند ڕەهەندێکەوە تیشکیان بخرێتەسەر و بەشێك لە لایەنە فەلسەفییەکانی هەردوو چەمکەکە ڕوونبکرێتەوە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکەکانی ژیان و مردن بەگشتی بناسێنێت، پاشان بەجیا ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئەو شیعرانەی کە فەلسەفەی ژیان و مردنیان تیایاندا چڕبووەتەوە.

### میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە سوودمان لە (ڕەخنەی شیکاریی و هونەری) وەرگرتووە.

### گرفتی توێژینەوە:

گرفتی توێژینەوە بریتییە لەوەی، کە شاعیر تاچەند دەسەڵاتی شکاوە بەسەر بونیادنان و مەزراندنی دەقی شیعریی پەیوەست بە فەلسەفەی ژیان و مردن و چەندە توانیویەتی ڕۆبچێت بەنێو مانا و مەبەستە قووڵەکانی هەردوو چەمکی ژیان و مردندا.

## بەشی یەکەم: ژیان و مردن وەك دوو چەمکی

### تەوەری یەکەم: چەمکی ژیان

مەبەست لە ژیان ئەوەیە جەستەی زیندووەکان لە ڕووبەرێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا بۆشاییەك دەگرن و تێیدا لە گەشەو گۆڕان و جموجۆڵ و چالاکی بەردەوامدا دەبن، زیندوان لەپێناو مانەوە و پارێزگاری کردن لە توخم و ڕەگەزیان لە کۆششی بێوچاندان، بەم پێیەش ژیان پێچەوانەی مردنە؛ چونکە جووڵە و گەشە و گۆڕانی تێدا بەرجەستە دەبێت. (جميل سلبية) بۆ پێناسەی ژیان دەڵێ: (ژیان لە زماندا پێچەوانەی مردنە، کە بریتییە لە گەشەکردن و مانەوە و سوودمەندبوون. لە مەرجەکانی زیندوو ئەوەیە پێکهاتەیەکی هەبێت، ئەویش جەستەیە، کە لە توخمەکانی پێکهاتووە) (وادی، 2017: 19) ئەو ژیانەی باسدەکرێت و بە پێچەوانەی مردن وێنا دەکرێت، واتای ئەوەیە زیندوو لە چالاکی و گەشە و گۆڕاندایە، خاوەنی پێکهاتە جەستەییەکانە و بوونێکی بەرجەستەیی هەیە، دەتوانێ لەو ژینگەیەی تێیدا دەژی سوود وەربگرێت. هەروەك ئەویش لەڕێگەی وەرگرتن و تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی جەستە هەموو ئەمانەش لەپێناو مانەوە و درێژەدان بە ژیان تەقەلای بۆ دەکرێت. ژیانی ئەم دونیایە بۆ هەموو زیندەوەرەکان (مرۆڤ ، گیاندار ، ڕووەك) لە دۆخی زیندوێتیدا خاڵی هاوبەشیان تێدا بەدی دەکرێت، بەتایبەت لە بوارەکانی گەشە و گۆڕان و زۆربووندا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە جیاوازی لەنێوان بوونەوەرەکاندا نەبێت. ئەوەی ئاشکرایە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی باڵا چاوی لێدەکرێت و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا جیاوازی ڕەهای هەیە؛ چونکە مرۆڤ خاوەنی گەوهەرێکی بەنرخە، کە ئەویش بریتییە لە عەقڵ، لەڕێگەی بیرکردنەوە و تێرامان و گەڕان بەدوای نهێنی و زانیاری و توێژینەوە و بەدواچوون توانیویەتی بگات بەو ئاستە لە خودی عەقڵی خۆشی بکۆڵێتەوە، چ جای ژین و ژینگەکەی بەردەوام بەدوای زانیارییەوە تێدا وێڵە و کۆڵنادات. عەقڵی مرۆڤ چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: (( عەقڵی

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7**

کارا لە تەرازووی شیاو و ئیدراك هێزەکی مرۆڤ، وەکو خۆرە بۆچاو و تاوەکو چاو لە تاریکیدایە، هێزەکی بینایە)) (عبدلباقی، 2013: 37) کەواتە عەقڵ ڕۆڵێکی زێدە مەزن دەبینێت بۆ مرۆڤ، بەشێوەیەك چۆن خۆر لەڕۆژدا ڕووناکی دەخاتەسەر بەشی هەرەزۆری زەوی و دڕ بە شەوەزەنگی تاریکی دەدات، عەقڵیش بەو جۆرە بەرچاوی مرۆڤ ڕۆشن دەکات و پەردە لەسەر ڕووی دیوە نادیارەکان هەڵدەماڵێت و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات. لەبەرئەوەی ژیان چەمکێکی فرەڕەهەندە و قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، با بەو پرسیارە دەست پێبکەین ژیان مانای چییە؟ (ئەگەری زۆرە هەموو کەس نەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بە دروستی بداتەوە) (ادلر، 2005: 19). ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە ژیانی ئەم دونیایە بۆخۆی نوقمە لە نهێنی و شتی شاراوە، هەریەکە و لە گۆشەیەکەوە دەتوانێ بەدوای وەڵامی مانای ژیاندا بگەڕێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ژیان و بوونی ئەم گەردوونە چییە و چ بەهایەکی هەیە؟ بۆچی دەبێ ئێمە لەم هەسارەیەدا بەشێوەیکی کاتی بژین و دواتر بەجێی بهێڵین؟ وەڵامی ئەم پرس و بابەتانە قووڵە و سەردەکێشێ بۆ نێو فەلسەفە و لەو نێوەندەدا پتری لەبارەوە گوتراوە. یان ژیان چ مانایەکی هەیە ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە و چەندین سەدەیە ئەم پرسیارە مرۆڤی سەرسام کردووە، وەلێ هێشتا تێگەیشتنی دروست لە ژیان و ماناکەی لای بەشێکی زۆری خەڵك ڕوون نییە. کەسێك ئاوڕ لە ڕابردووی دەداتەوە و دەبینێ هیچ شتێکی نەکردووە، بۆ ئەو کەسە ژیان مانا و بەهای نییە (یوسف، د.ت: 105) لەگەڵ ئەوەشدا گەر مرۆڤ بەشێوەیەکی ئەرێنی بیربکاتەوە و لە ژیان بڕوانێ ئەوا ((ژیان دەشێ باشبێت، ئەگەر مرۆڤ فێرببێت چۆن بژێت و چۆن بمرێت)) (حسێن، 2022: 60) ئەمە بەو مانایەدێت، کە دەکرێ مرۆڤ خوێندنەوەیەکی دروست بۆ چەمکی ژیان بکات و لەگەڵ هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی ڕووبەڕووی واقیعی ژیان دەبنەوە خۆی بگونجێنێت؛ بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێك بکات دەروون و ناخی خۆی ڕەزامەند بێت و جۆرێك لە ئاسوودەیی بۆ فەراهەم بکات.

**تەوەری دووەم: بوون چییە؟**

مرۆڤ بەوپێیەی بوونەوەرێکی عاقڵمەندە، خاوەنی بیرکردنەوە و سۆز و خەیاڵە، هەر لەسەرەتاکانی هاتنەبوون و پەیدابوونییەوە بە بیرکردنەوە و تێڕامان لە شتەکانی دەورووبەری و قووڵبوونەوەی زیاتر لێیان و پرسیارکردن لەبارەیانەوە دەستپێدەکات، هەندێجاریش منداڵ تەنها بە ڕووانین لە شتەکانی نێو ژینگەکەی ئۆقرە ناگرێت، بەڵکو پەلدەهاوێت و دەستیان بۆ دەبات؛ بۆئەوەی نهێنییەکانی بۆ ئاشکرابێت. کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاسایی نییە و لەسەرەتاکانی تەمەنییەوە لە هەڵپە و گەڕاندایە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی هەموو شتێك و تەنانەت کارەکتەرێکی سەرەکییە لەنێو ژینگەکەی خۆی، بەوە نەوەستاوە تەنها زانیاری لەبارەی شتە بەرجەستە و بینراوەکان بەدەستبهێنێت؛ بەڵکو دەستی بردووە بۆ شتە نامادی و مەعنەوییەکان، دەیەوێت تەواوی نهێنییەکانی ژیان و گەردوون و ئەودیوی ژیانیش بزانێت. بۆچوونێك هەیە (لە جیهانی مادیدا تەواوی شتەکان لە نێوان هەبوون و نەبووندان و هیچ شتێك ناگاتە پلەی کامڵبوون) (عبداللە، 2024: 205) لەگەڵ ئەوەش مرۆڤ ئامادەییەکی کارای نێو جیهانی بوونە و ڕۆڵ و کاریگەری لەونێوەندەدا هەیە؛ بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستی دەزانین لەبارەی پرسی بابەتی (بوون _ وجوود)ەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە دەڵێن: (پارمەندیس) دەستەواژەیەکی ناسراوی هەیە: ((بوون هەبووە نەبوونیش نییە. ئەوەی هەیە هەیە نیشە نییە)) (جەمال، 2014: 51). ئەو بوونەی ناوبراو باسی دەکات بوونێکە خۆی هەبووە و لەئارادایە، نەبوونەکەش نییە و نەهاتۆتەکایەوە؛ بۆیە بە بوون، هەروەك ((ئێمە بەشێکین لەو بوونەی، کە هەموو شوێنێکی پڕکردووەتەوە. لەهەر شوێنێك دابین ئەوا لەنێو بووندایین و لەگەڵ بووندایین... مرۆڤ بڵندترین فۆرمی بوونە و جێگای تایبەتی خۆی هەیە و ئەم خەسڵەتە پابەندە بە چۆنییەتی بوونی مرۆڤەوە)) (کەمال، 2019: 22-23). واتە ئێمە لەنێو بۆنێکی واقیعی داین، دەتوانین هەستی بەرکەوتنمان بە دەستلێدان بێت یان بە بینینی دیمەنەکان بەرجەستەیان بکەین، ئەو پێکهاتە بوونییەی مرۆڤ لە ئاستێکی باڵادایە و لای فەلسەفەی بوونگەراکان بەهادارترین کێشە (بوونی مرۆڤ)ە، کە بووەتە چەقی بیرکردنەوە و تێڕامان لە بوونی مرۆڤ خۆی. هەروەها ((بوونگەرایی جەخت دەکاتەسەر بەشداریکردن لە تێگەیشتن، ئەو واتایەش بۆ بوون تەنها لە بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت)) (حەوێزی، 2014: 120). لە بارەی بابەتی بوون (الوجود) فەیلەسوف (هایدگەر) زۆر بەوردی بەقووڵی مەسەلەی بوونی شرۆڤەکردووە. بە بۆچوونی ناوبراو دوو جۆرە بوون (وجود) هەیە ئەوانیش ئەو بوونە بەرجەستە و بەرهەستانەیە ئێمە بە چاو دەیانبینین و هەستیان پێدەکەین. لای هایدگەر پرسی وجود پرسێکە نائامادەیە هەم لە فیکری کلاسیکدا و هەم لە فیکری مۆدێرندا، پرسێکە وەلانراوە و لەبیرکراوە، لەژێر غوباری کۆمەڵێك تەرزی فەلسەفیدا ونبووە، کە تەنها گرنگیانداوە بەوەی هەیە (موجود)ە ئەوەی مرۆڤایەتی پێیەوە سەرقاڵە تەنها (موجود)ە ئەمەش تەنها ئەو شتە بینراو و هەستپێکراوانە دەگرێتەوە، کە لەدەورووبەرماندا بونێکی بەرجەستەییان هەیە. واتە ئێمەی مرۆڤ زۆر بەوردی و بە قووڵی سەرقاڵ ئەو شتانەنەی بوونیان هەیە و بەرهەستمان دەکەون و لەوجوودا هەن. لەهەمبەردا ئەوەمان لەیادکردووە، کە تەجەلای گەورە و گشتگیری هەموو شتەکان (بوون – الوجود)ە. ئاشکرایە ئێمەش وەکو مرۆڤ بەشێکین لەو بوونە و لەنێو ئەو بوونەدا بەرجەستەین، هەڵبەت بەشێکی گرنگ و کاریگەرین، لەوەدا ناوەستین، کە هەین و بوونمان هەیە، بەڵکو

دەکەوینە پەیوەندیشەوە لەگەڵ تەواوی ئەو شتە مەوجودانەی دیکە، کە لە وجوددا بوونیان هەیە و بە شێوەیەکی کارا ڕۆڵدەگێڕین؛ بەم پێیەش ئێمە وەك مرۆڤ جارێك هەین و لە وجوددا بوونمان هەیە، جارێکیش کارلێکێکی عەقڵانی (ئاوەزی) و ژیانی لەگەڵ دونیا و دەرووبەرماندا دەکەین، ئەمەش وادەکات ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ کۆی گیانداران و بوونەوەرەکانیتردا جیاوازی بەرچاومان هەبێت. لێرەشەوە دەتوانین ڕوانین و دیدی تایبەت بە خۆمان لەسەر ژیان و گەردوون بونیاد بنێین. (عەلی و قەرەداغی،2012: 241)

**تەوەری سێیەم: چەمکی مردن**

- **ڕۆح چییە؟**

بەرلەوەی بێینە سەرباسی مردن سەرەتا با باسێك لە ڕۆح بکەین، با بزانین ڕۆح خۆی چییە...؟ ڕۆح ئەو داینەمۆ و بزوێنەرە بەهێزەیە کە لەڕێگەیەوە جەستەیە دەکەوێتە جموجۆڵ و هەنگاونان. لەبارەی ڕۆحەوە ئارسەر فندەلای (1883Arthur Findlay– 1964) دەنووسێ (مرۆڤ لە لەش و دەروون و ڕۆح پێکدێت، لەش ئەوەیە دەبیبنین، نەفس یان دەروون هزرە، ڕۆح لەشی ئەتیریە هاوشێوەی لەشی فیزیاییە و پێکاوپێکی ئەوە، ئەو لەشی فیزیایی دەبەستێتەوە، مردن تەنیا جیابوونەوەی لەشی ئەتیریە لە لەشی ماددی) (سەرگەینێلی، 2015: 126) ئەو لەشە دەروون و هۆش لەگەڵ خویدا دەبات و جەستە بە تەنها دەمێنێتەوە و لە هەر چالاکییەك دەکەوێت، ئەمەش پێی دەگوترێ مردن و جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە. هەروەها شەعراوی لە کتێبەکەی (الحیات و الموت) لەبارەی شوێنی ڕۆح لە جەستەدا دەڵێ: (ڕۆح لەکوێیە ئایا لەناو عەقڵ و بیرکردنەوەدایە یان لەنێو دەستت دایە، کە دەستی لێدەدەیت یان لەنێو دڵت دایە، کە بۆ ژیان لێدەدات یان لەنێو پێیەکانت دایە، کە پێیان دەڕۆی و هەنگاو دەنێیت؟) (شعراوی، 1991: 20). ئەو پرسیارانەی لەبارەی شوێنی ڕۆحەوە دەیکات بیر بەرەو ئەوەدەبات ئایا ڕۆح لە کامە شوێنی جەستەدا نیشتەجێیە؟ وەڵامەکەشی نادیارە و مرۆڤ هیچ کات ناتوانێ بگات بە وەڵامێکی تەواو ڕەها، ئەمە نهێنییەکە تا ئێستا مرۆڤ بۆی ئاشکرا نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت مرۆڤ دەتوانێ بزانێ ڕۆح لەنێو جەستەی زیندوودا بوونی هەیە و هیچیتر، هەروەها ((ڕۆح بەهیچ جۆرێك لەناوناچێت لەگەڵ جەستە بێت یان سەربەخۆ بێت)) (جاف، 23: 2011) بەم پێیەش ڕۆح بوونێکی ئەبەدی هەیە و لەنێو جەستە یانیش لەدەرەوەی جەستە و ئەم جیهانەی ئێمە دابێت، بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە و لەنێو ناچێت.

- **مردن چییە؟**

یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بریتییە لە مردن، هەڵبەتە ئەمەش دوای ئەوەی ڕۆح لە جەستە جیادەبێتەوە، ئەو مردنەش دۆخێکە بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا دێت و ڕۆح لەنێو لاشەدا دەردەچێت و کۆچی هەتاهەتایی دەکات. مردن بە مانا هەرە سادەکەی جیابوونەوەی ڕۆحە لە لاشەی زیندوو، واتە وەستان و نەمانی هەرجۆرە جووڵە و چالاکییەکی زیندووەکە، جا ئەو زیندووە مرۆڤ بێت یان گیانداران، ئیتر ئەو ڕۆحە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ژیانی سەر زەوی؛ لەبەرئەوەی مردن حاڵەتێکە کۆتایی بەهەموو زیندە چالاکییەکانی زیندوو دەهێنێت و لە جیهانی هەستپێکراو دایدەبڕێت؛ بۆیە تائێستا مرۆڤایەتی نەیتوانیوە پەی بە هیچ شتێکی مەرگ ببات، ئەمەش وایکردووە ڕوانین و دیدی جیاواز بۆ مەسەلەی مردن و چوونە نێو دونیایەکی دیکەی ڕۆح بێتە ئاراوە، بۆ نموونە: ڕوانینی میسرییە کۆنەکان بۆ مردن، پێنج هەزار ساڵی پێش زایین ئەوەبووە (مردن بریتییە لە گواستنەوەی بارێك بۆ بارێکی باڵاتر، پێیانوابووە: ڕۆح دوای دەرچوونی لەنێو لاشە لەشێکی تازە دایدەپۆشێ، کە لە لەشی دونیا باڵاترە و کارتێکەرەکان کاری تێناکەن و بە (کا) ناویان بردووە) (سەرگەینێلی، 2015: 124). ئەمە ئەوە دەردەخات میسرییەکۆنەکان بڕوایان بەوە هەبووە ئەوەی لە جووڵە دەکەوێت تەنها جەستەیە، ڕۆح بەشە زیندووەکەی ترە و هەرگیز نامرێت و لە لەشی فیزیکی دونیاوە بۆ لاشەیەکی تر لە دەرەوەی ئەم جیهانەی ئێمە دەگوازرێتەوە. ئەوان بڕوایان وابووە کاتێك مرۆڤ دەمرێت ڕۆح لە جەستەی مردووەکە دەردەچێت و زیندوو دەبێتەوە و ژیانێکی نوێ دەسپێدەکات؛ بۆیە زۆرجار بە تەنیشت گۆڕی هەندێ لە فیرعەونەکانەوە مێزی خواردن و کەرەستە و جل و بەرگیان بۆ مردووەکە دادەنا، ئەوان بڕوایان وابووە ڕۆح دوای ئەوەی لە جەستە دەردەچێت سەرلەنوێ دەست بە چالاکی دەکات و لەدۆخێکی تری ژیاندا دەمێنێتەوە و نامرێت، مۆمیاکردنیش بۆ ئەوە بووە دوای مردن دووبارە ڕۆح بگەڕێتەوە بۆ جەستەی مردووەکە. مردن لای ڕەواقییەکان ئەوەیە، کە مرۆڤ پێویستە خۆی بۆ ئامادە بکات؛ مەسەلەی مردن بابەتێکی حەتمییە و هەر ڕوودەدات، ئەوان وایدەبینن (هەرکەسێك ئیرادەی مردنی تێدا نەبێت ئیرادەی ژیانیشی نییە؛ بۆیە ژیان بە ئێمە بەخشراوە تاکو لەگەڵ مردندا هاوتەریب بین، هەروەها ترس لە مردن نەزانییە) (شورون، 1984: 81) ڕەواقییەکان مردنیان بە جۆرێك وێناکردووە، کە کۆتا وێستگە نییە و ئیتر کۆتایی هەموو شتەکان بێت، لە هەمبەردا دەڵێن: ((مردن کۆتایی جەستەیە، بەڵام کۆتایی گیان نییە)) (حسین، 2024: 61) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دوای مردن و دەرچوونی ڕۆح لە لاشە ئەوە ڕۆح نییە دەمرێت، بەڵکو ئەوەی لەناودەچێت جەستەیە، ڕۆحەکەش دەچێتە قۆناغێکی تری ژیانەوە. بابەتی مردن لای ئەو مرۆڤانەی پێش زایین لە ناوچەکانی عێراقی ئێستا ژیاون وەکو:

سۆمەری و ئاشووری و بابلییەکان بڕوایان وابووە (مرۆڤ کاتێك دەمرێ ڕۆحەکەی لە جەستەی جیادەبێتەوە و ڕۆحی دوای مردن سەربەخۆیە، ئەم ڕۆحە دەچێتە جیهانی ژێرەوە لەوێدا بە ئارامی دەمێنێتەوە) (کاظم، 2024: 3). ئەمانیش باوەڕیان بەوە هەبووە، مرۆڤ دوای ئەوەی دەمرێت ڕۆحەکەی نامرێت تەنها جەستەی لەناودەچێت و دەپووکێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە و فانی نییە ڕۆحە، لەپاش وەستانی بەشە زیندووەکانی جەستە ڕۆحەکە لەم جیهانە دەگوێزرێتەوە بۆ جیهانێکی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە دەبینین لە داستانی گلگامێش دا هەلاتن لە مەرگ و هەوڵدان بۆ مانەوەی هەتاهەتایی هەیە، ئەم داستانە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا بەرهەمهاتووە، بە کۆنترین نووسراوی ئەدەبی دادەنرێت. لەسەر تاتەقوڕ نووسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، گلگامێش پاشای شاری ئوور بووە، بەپێی داستانەکە دایکی گلگامێش خواوەندە و باوکی مرۆڤ بووە. سەرەتای داستانەکە بەوە دەستپێدەکات خەڵك خۆشیان ناوێت؛ چونکە بەرانبەریان خراپە و ستەمیان لێدەکات، بۆیە هانا بۆ ئۆرۆرۆی خواوەندیان دەبەن و داوای لێدەکەن لە دەست گلگامێش ڕزگاریان بکات، ئەویش ئەنکیدۆی بۆ دەنێرێت. دوای زۆرانبازی گلگامێش سەردەکەوێت و دەبن بە هاوڕێ. دوای مردنی ئەنکیدۆ گلگامێش بەم ڕووداوە زۆر کاریگەر دەبێت و دەکەوێتە بیرکردنەوە لە چارەنووسی خۆی، دەیزانی ئەو نەمر نییە و ڕۆژێك مەرگ بەرۆکی دەگرێت؛ بۆیە بڕیاریدا ئۆتنابشتم بدۆزێتەوە، کە مرۆڤێك بوو نهێنی ژیانی ناکۆتایی لەلادا دەستدەکەوت، (حسێن، 2024: 14) ئۆتنابشتم تاکە مرۆڤێك بووە گەیشتبوو بە ئاستی نەمری، گلگامێش بەهیوای ئەوە بوو فێری بکات چۆن خۆی لە مردن ڕزگار بکات و بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە، بەڵام ئۆتنابشتم لە هەوڵەکانیدا ئەوەی پێڕاگەیاند مردن مەسەلەیەکی حەتمییە و هیچ مرۆڤێك ناتوانێ لێی دەرباز بێت (خضر و أسماء، د.ت: 180) ئەم داستانە کۆنترین و ناودارترین بابەتە بۆ مەسەلەی مردن و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون و مانەوە بۆ هەتاهەتایی، بەڵام (پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مەرگ پەیوەندی ژیانە، سەلماندنی یەکێکیان بە واتای سەلماندنی ئەویتریان دێت) (شعبلو، 2016: 25) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دوانەی ژیان و مردن دوو چەمکن بە هیچ کلۆجێك لێك جیاناکرێنەوە و بەدوایی یەکدادێن؛ بەجۆرێك بوونی ژیان لەکۆتاییدا مەرگی تەواوی و لە چالاکی کەوتنی لاشەی دونیای بەرجەستەیی بەدوادێت، بەم هۆیەوە گواستنەوەی ڕۆح بۆ نێو جیهانەکەیتر ڕوودەدات. لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بگوترێ ژیانی دونیا کورت بێ یان درێژ خۆشبێ یانیش ناخۆش قۆناغێکی ڕاگوزەرە و هەر بەپایان دەگات، کە لەکۆتاییدا دەبێت ڕۆح ئەم دونیایە بەجێ بهێڵێت و بەرەو دونیاکەی دیکەی کۆچی هەتاهەتایی بکات؛ لەبەرئەوەی مەسەلەی مردن بابەتێکی فرەئاڵۆزە و جێی گەنگەشە بووە چ لە ڕابردوو، لە ئێستاشدا ئەم مەسەلەیە بیری زۆرینەی قووڵترکردووەتەوە و هەمیشە وان بەدوای وەڵامی دوای مردن چی دەگوزەرێ؟ بۆیە دەبینین لای زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیران و لە بەرهەمەکانیان مردن وەك چەمکێکی گرنگ ڕەنگیداوەتەوە بۆ وێنە: لای (غالب مطلبي) مردن تەنها دەرچوونی ڕۆح و ترس لە خودی مردنەکە نییە، بەڵکو ڕوانینێکی ترە و مردن بۆخۆی جۆرێك لە فەزیلەت دەبینرێت (مصطفي و سليمان، 2024: 30-31)

- **ڕوانینی فەلسەفە بۆ مردن:**

ڕوانینە فەلسەفییەکان بۆ مردنی مرۆڤ قسە و باسێکە لەدێر زەمانەوە وەك کێشەیەك جێگای مشتومڕ بووە، پرسێکە بە ئێستاشەوە قسە و باسی لەسەر دەکرێت. مەسەلەی بوون و نەبوون پانتاییەکی فراوانی لەنێو بوارەکەدا گرتووە و بەردەوام جێی گەنگەشە و ڕوانینی جیاواز بووە. (مردن نهێنییەکە عەقڵی مرۆڤ ناتونێت پەی پێیبات، نهێنییەکی لێڵ و شاراوەیە هیچ مرۆڤێکی زیندوو تەواو لێی تێنەگەیشتووە) (ابو کراع، 2023: 13) هەرئەمەش وایکردووە لێکدانەوەی جۆراجۆر بۆ مەسەلەی مردن بکرێت، هەندێك لێی ترساون، هەندێکی دیکە بە قۆناغێکی تری ژیانیان داناوە، لەم بارەیەوە دەکرێ ئاماژە بە سوکرات بکرێت وەك یەکێك لەو فەیلەسوفانەی بوێرییەکی تەواوی هەبووە و چاونەترسانە لەبارەی مردنەوە دواوە: دەڵێ: (حیکمەت و ژیریی دروست لەوەدا نییە مردن وەك ترسێك ببینی، لەڕاستیدا مردن بەخششێکی مەزنە، کەچی خەڵك وادەزانن مردن خراپەیەکی گەورەیە، ئەمەش دیارە هێمای تێنەگەیشتنە لەمردن) (افلاتون، 2022: 60) سوکرات ڕاستی نەمریی ڕۆح لە دوای مردن پشتڕاست دەکاتەوە، واتە ڕۆح لەگەڵ لەناوچوونی جەستە لەناوناچێت. بەڵکو دوای ئەم ژیانە دونیاییە ژیانێکی تر هەیە و هەر ئەمەیە ڕەوایی بە بڕیارەکەی دەدات، کە ژەهرەکە بخواتەوە و ڕووبەڕووی مردن ببێتەوە. هەروەها دەڵێ: ((ڕۆحی مرۆڤ نەمرە، پاش مەرگ دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەمین، هەندێ شت لە ژیانی ڕابردووی وەبیر خۆی دەهێنێتەوە)) (پاڵەوان، 2008: 5) کەواتە سوکرات ڕۆح و جەستەی لەیەکدی جیاکردوەتەوە و پێیوابووە ئەوەی لەناودەچێت تەنها جەستەیە، ڕۆحیش دەچێتە دونیایەکی ترەوە لەوێدا بەنەمری دەمێنێتەوە. لای ئەفلاتوون مردن وشەیەکی بێمانایە و بوونی نییە، ئەوەی مرۆڤ پێی دەڵێ مردن، لەڕاستیدا بریتییە لە گواستنەوەی گیانی مرۆڤ لە جیهانی ماتریاڵی بۆ جیهانی بەرزی ڕۆحی، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر باروودۆخی کاتی و شوێنییەوە. فەلسەفەشی بەوە لە قەڵەمداوە

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7**

ڕێگایەکە بۆ پاکبوونەوە (ئەحمەد، 2019، 21). ئاشکرایە فەلسەفەی بوونگەراییش بەتەنیشت بوونەوە ئاوڕی لە مانای مردنیش داوەتەوە، لەم نێوەندەشدا (هایدیگەر) توێژینەوەی لەسەر بوونگەرایانەی مەرگ کردووە. ئەم فەیلەسوفە بوونی بە سەرەتا و دەستپێك بۆ هەنگاونان بەرەو مەرگ داناوە، ((مەرگ و کۆتابوون دوو ڕەهەندی پێکهێنەری مرۆڤن، بەجۆرێك کە ژیانێکی خاڵی لە کۆتایی ژیانێکی ترسناك و ناشیرینە، هەر بۆیە مەرگ وەکو بەشێك لە دۆخی واقیعی بوونی مرۆیی دەمێنێتەوە)) (ماکواری، 2007: 299). لە فەلسەفەی بوونگەرادا بوون (وجودیەت) بەستراوەتەوە بە خودی مردنەوە، بوون لەپێناو مردن و کوتادا دێتەئاراوە، بە مانایەکی دیکە بوون هەنگاوی یەکەمی چوونە بەرەو مردن، بەم پێیەش بوون و هاتن بۆ نێو ژیان لەسەر زەوی قۆناغی یەکەمە و قۆناغی دواتر لەگەڵ مردندا دەستپێدەکات. فیساگۆرس پێیوابوو: ڕۆح لەنێو جەستەدا لە زیندانی دایە پاش مردن ئازاد دەبێت (شورون، 1984: 35). ژیانی دونیا وەك زیندانێك دەبینرێت و بە مردن و دەرچوونی ڕۆحەکە ئازاد دەبێت بەرەو قۆناغێکی جیاوازتر لە ژیانی دونیا دەڕوات، هەروەها فیساگۆرس ئاماژە بۆ گەڕانەوەی ڕۆح دوای پاکبوونەوە بە چەند قۆناغێك دەکات و ئینجا دەچێتەوە نێو جەستە، دیسان لەبارەی مردن نیکۆلاس بێردیاف Nicolas (Berdeaff)باس لەوەدەکات (مردن قووڵترین و بەرچاوترین ڕاستییە لە خودی ژیاندا؛ چونکە مرۆڤ دەباتە سەرووی دیاردە ڕووکەشەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، ئەمەش تاکە شتێکە وامان لێدەکات بیر لە مانای خودی ژیان بکەینەوە ژیان هیچ مانایەکی نییە بەبێ بوونی مردن) (وطفة، 2012: 39). بە بڕوای بێردیاف مانای ژیان لە بوونی مردنەوە سەرچاوە دەگرێت. فەلسەفە پێیوایە پاش جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە خودی ڕۆح لە دۆخێکی تری ژیانکردندا دەمێنێتەوە و درێژە بە ژیان دەدات ئەمەش بەو مانایە دێت ژیانێکی دیکەی دوای مردن چاوەڕوانی ڕۆحەکانی مرۆڤە و ڕۆح خۆی نەمرە و بۆ هەتاهەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە .

- **ڕوانینی ئایین بۆ مردن:**

هەموو ئایینە ئاسمانییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، مرۆڤ ئاگادار بکەن لەوەی دوای مردن ژیانێکی تازە دەست پێدەکات، بۆ ئەمەش پەیامبەران زۆر کۆشاون و هەوڵیانداوە مرۆڤ لە ژیانی دوای مردن هشیار بکەنەوە و لەو بێئاگاییە ڕایانبچڵەکێنن، کە مردن بە واتای کۆتا وێستگەی ژیان نایەت، لەهەمبەردا مردن دەستپێکی ژیانێکی ترە و مرۆڤ لەو جیهانەی دوای مردن بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. هەموو ئەو ئایینانەش یەك جۆر ڕوانینیان بۆ مردن هەیە؛ لەبەر ئەوەی لەیەك سەرچاوەوە هاتوون، بۆیە دەبینین لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە، کە مردن کۆتا وێستگەی بوونی مرۆڤ نییە و ژیانی دوای مردن سەرلەنوێ دەست پێدەکات و ڕۆح بە قۆناغێکی تری ژیان دەگات، هەروەك ((پەیامی زۆرێك لە ئایینەکان ئەوە بووە کە بە دوو جیهان و دوو ژیان بمانناسێنن. ژیانێکی نزیك و ژیانێکی دوورتر کە پاش ژیانی یەکەم مرۆڤ پێیدەگات)) (سروش، 2009: 8) ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و لە ئایینەکانیش ئاماژەی بۆ کراوە دوو جیهان بوونی هەیە یەکێکیان ئەو جیهانەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، ئەویتریان جیهانی دوای مردن و تەواوبوونی ژیانی ئێستامان دەستپێدەکات. کەواتە دوای مردن سەرلەنوێ ژیانێکی دیکە دەست پێدەکات، ئایینە ئاسمانییەکان بەو شێوەیە باس لەو جیهانەی دوای مردن دەکەن، کە تەواوکەر و درێژەپێدەری ژیانی دونیایە، بەڵام ڕوانینی ئایینەکانی دەرەوەی ئایینە ئاسمانییەکان بۆ بابەتی مردن وەکو یەك نییە. تەنها ئەو ئایینانە نەبێت کە لەڕێگەی وەحی بە پەیامبەران و لەوانیشەوە بە باوەڕدارانی ئایینەکان گەیشتووە یەك جۆر دیدیان بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە، لە گۆشەیەکی هاوشێوەوە مردن و بەجێهێشتنی دونیا ڕووندەکەنەوە. لە هەمبەردا ئایینە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ بەجۆرێکی تر و جیاواز لە ئایینە ئاسمانییەکان بۆ مردنی مرۆڤەکان دەڕوانن، کە دەبینین ڕوانینی (هیندۆسییەکان و بودایییەکان) بۆ مردن بەجۆرێکە پێیانوایە ((لەکاتی مردن گیان لە لاشە دەردەچێت و تاکو بە گوێرەی ئەو کارانەی لە ڕابردوو ئەنجامی داون بچێتە نێو لاشەی بوونەوەرێکی تر)) (مالرۆب، 119: 2006) وەك نەریتێك هیندۆسەکان دوای مردن لاشەی مرۆڤەکانیان دەسووتێنن، ئەمەش کۆمەڵێك مەراسیمی بۆ ئەنجامدەدرێت وەکو گێڕانی بەنێو شەقامەکان و ڕازاندنەوەی لاشەکە بە چەند ڕەنگێکی جیاواز لەنێویاندا ڕەنگی سوور، کە ئاماژەیە بۆ پاکی و زەردیش هێمایە بۆ زانین، دوای ئەوە تەرمەکە دەبرێتەوە بۆ لای خێزان و خانەوەدەی مردووەکە. ئینجا کفنی مردوو بە ڕەنگی پرتەقاڵی دەپۆشرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بیروباوەڕی ئایینی هیندۆسەکان، هەڵبەتە دوای تەواوکردنی ڕێوڕەسمەکە تەرمەکە ئامادەدەکرێت بۆ سووتاندن. ئاگرەکە جۆشدەدەن و بەردەوامی پێدەدەن؛ بۆ ئەوەی تەواوی جەستەی مردووەکە بسووتێ و ببێت بە مشتێك لە خۆڵەکەوە، دوای ئەوە پاشماوەی تەرمە سووتاوەکە کۆدەکەنەوە و دەیخەنە نێو ڕووباری گانجس (میصباح و سمیشة، 394: 2024) بە بڕوای هیندۆسییەکان سووتاندی تەرمی مردووەکان هۆکارێکە بۆ پاکبوونەوە، بەم کارەش ڕۆح دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی یەکەمی خۆی بەو پێیەی ڕۆح لە ڕوانگەی ئەوانەوە لە بنەڕەتدا لەم چوار ڕەگەزە پێکدێت ئەوانیش (زەوی ، ئاو ، هەوا ، ئاگر) لەڕێگەی سووتاندنەکەوە هەرچوار ڕەگەزەکە تێیدا بەرجەستە دەبن ئەوەش بە بۆچوونی خۆیان گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرچاوەیەی ڕۆحەکەی لێوە هاتووە. لەڕوانگەی ئایینی بووزییەکانەوە مردن دوا قۆناغ و لەناوچوونی یەکجاری

نییە، بەڵکو پاش ئەوەی کەسێك دەمرێت ڕۆح لە جەستەی دەردەچێت ئەو ڕۆحە دەچێتە قۆناغێکەوە پێی دەڵێن گواستنەوە، واتە ڕۆحەکە لە جەستەی مرۆڤەکەوە کۆچدەکات بۆ نێو جەستەی بوونەوەرانیتر. بە بڕوای ئەوان ئەو ڕۆحە بەردەوام دەبێت لە گواستنەوە و تا دەگات بە دواقۆناغ، کە پاکژبوونەوەیە، بووزییەکان لەو باوەڕەدان ڕۆحی مرۆڤی تاوانبار پاش مردنی ڕۆحەکە دەچێتە نێو جەستەی گیانداران و تووشی ئازار و مەینەتی دەبێت، ئەم حاڵەتەش بەردەوام دەبێت؛ بۆ ئەوەی ڕۆحەکە کەفارەتی هەموو گوناهەکانی ژیانی دونیای بدات هاوکات ئەو ڕۆحە دابڕاو نابێت لە کەس و ئازیزانی هەمیشە لەگەڵیاندا دەژی. ڕۆحی مردووەکە لەم دۆخەدا بەردەوام دەبێت تاکو گەیشتن بە پلەی پاکبوونەوە (جامع و حمدان، 2023: 43).

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد دید و ڕوانینی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بۆ مەسەلەی مردن وەك یەکە، هاوڕان لەسەر ئەوەی ژیانێکیتر پاش ژیانی دونیا دەستپێدەکات. بابەتی زیندووبوونەوە و هەڵسانەوە بۆ پرسینەوەی کردارەکانی دونیا گومانی تێدانییە و بەڕوونی باسیان کردووە. بەنموونە ئایینی ئیسلام وەربگرین دەبینین زۆر بەڕۆشنی باسی بابەتی مردنی کردووە و تیشکی خستۆسەر و مرۆڤی لێ ئاگادار کردووەتەوە، کە دوای مردن و دەرچوونی ڕۆح لە جەستەدا، ئەو ڕۆحە دەچێتە وێستگەیەکی تری ژیانەوە و لەوێدا تاکو (یوم القیامة)ڕۆژی هەڵسانەوە دەمێنێتەوە. جێی باسە خودای گەورە هاوشێوەی ژیان باسی دروستکردنی مردن دەکات، کە دەفەرموێ: (الذي خلقَ الموتَ والحياةَ) (سورة الملك: 2) ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات ژیانێکیتر پاش مردن بوونی هەیە و خودای گەورە وەك چۆن ژیان و دونیای خەلق کردووە ئاواش مردن و ژیانی جیهانێکی تریشی خەلق کردووە. هەروەها خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا پتر لە (70)جار باسی مردنی کردووە، بۆ نموونە دەفەرموێ: (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ) (آل عمران: 185). واتە هەموو نەفسێك یان بوونەوەرێك دەبێ مەرگ بچێژێت و ڕۆح لەجەستەی جیابێتەوە، ئاماژەکانی ئەم ئایەتە ئەوەن هیچ بوونەوەرێك نییە بتوانێ لە مردن هەڵبێت یان دەربازی بێت، وەك چۆن ڕۆح هاتووەتە نێو جەستەکانەوە جا مرۆڤ بێت یان گیاندارانی تر هەر ئەبێ بمرن و ڕۆح لە جەستەیان بێتەدەرەوە. هەروەها خودای گەورە باس لە نەفسی مرۆڤ دەکات و دەفەرموێ: (يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ، ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً) (الفجر:27 - 28) ئەی دەروونی دڵنیا بگەڕێوە لای پەروەردگارت، ئەوەی لەم ئایەتە دەخوێندرێتەوە خودای گەورە داوا لە نەفسی مرۆڤەکان دەکات، بگەڕێنەوە بۆلای خۆی، ئەمەش بەو مانایە دێت مرۆڤ دوای مردنی ڕۆحەکەی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی، هەروەك چۆن داوای لێدەکات و بانگی گەڕانەوەی دەکات؛ بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتانە دەکرێ بەرەهایی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ ڕۆحی مرۆڤەکان پاش دەرچوونیان لە جەستە، نامرن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خودای گەورە. لێرەوە مەسەلەی پرسینەوە لەکار و کردەوەکانی دونیا و وەرگرتنەوەی پاداشت و سزای هەرجۆرە کار و کردەوە و تەنانەت قسە و باسێك، کە ئەنجامدرابێت دێتە بەر باس و ڕۆژەڤەوە، ئەوەتا خودای گەورە ئاماژە بە ڕۆژی هەڵسانەوە بۆ پرسینەوەی کارەکانی دونیا دەکات و دەفەرموێ (مِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ) (سورة المؤمنون الآية 100) تاکو ڕۆژی هەڵسانەوە و ژیانەوە بەرزەخێك لەنێوان مردووەکە و لێپرسینەوەکانی دەبێت، خودای گەورە دواتر لێپرسینەوەی لەسەر کار و کردەوەکانی دونیای لەگەڵ کۆی مرۆڤەکاندا دەکات و پاداشتی هەموو کار و کردەوە چاکەکان وەردەگرێت، هەروەها سزاش بۆ خراپکارییەکانیش دانراوە خودای گەورە بەشێوەیەکی دادوەرانە هەڵسەنگاندن بۆ سەرجەم کارە چاك و خراپەکان دەکات، لەو ڕۆژەدا مافخوراوان مافی خۆیان وەردەگرنەوە و ستەمکارانیش بە سزای خۆیان دەگەن.

**بەشی دووەم: بەرجەستە بوونی چەمکی ژیان و مردن لای هاشم سەڕاج**

**تەوەری یەکەم: ژیان**

ژیان وەك چەمکێکی دیار جێی گرنگی پێدانی هاشم سەڕاج بووە، ئەم بابەتە لەنێو شیعرەکانیدا ڕووبەرێکی بەرچاوی داگیرکردووە، ناوبراو زۆر بەوردی تیشکی خستووەتە سەر ماناکانی ژیان و بۆ ئەم مەبەستە چەندین پرسیاری لەمەڕ چەمکی ژیان و ڕەهەندەکانی خستووەتە ڕۆژەڤەوە و لەڕێگەی شیعرەکانییەوە بیری خوێنەر بۆ خۆی کێشدەکات، بۆ نموونە دەڵێ:

تەمەن
خەڵاتی خودایە (سەڕاج، 2012: 9)

ئەم کۆپلە شیعرەی هاشم سەڕاج تەنها لە سێ وشە پێکهاتووە، بەڵام مانایە و مەبەستی تێدا چڕبووەتەوە بەجۆرێك تەمەن ئەو ژیانەیە ئێمەی مرۆڤ لەم سەرزەمینەدا دەیگوزەرێنین. دەکرێ سوود لەو خەڵاتە خودابیە وەربگرین و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی جێپەنجەمان وەك نەخش لەم دونیایە دیار بێت، واتە کاری وابکەین پاش مردنیش ناو و ناوبانگمان بەجوانی بمێنێتەوە و زیندووەکان سوود لە کارەکانمان وەربگرن. هەروەك چاکەکاری و ئەو هەموو داهێنانەی

کارئاسانی بۆ ژیان و سوودی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. لە ڕووی ئایینییەوە تەمەنی مرۆڤ کاتیی و دیاریکراوە، پاش مردن قۆناغێکی دیکەی ژیان دەستپێدەکات، مرۆڤ ئەوەندەی لە ژیاندایە ئەو هەلە بقۆزێتەوە و تێیدا کاری چاکە بکات.

ژیان
شەمەندەفەرێکی خێرای
بێوێستگەیە (سەڕاج، 2012: 11)

سەڕاج لەم پارچە شیعرەدا دەیەوێ بەخوێنەر بڵێ کاتەکانی ژیان زۆر بە خێرایی تێپەڕدەبن، ئەمەش ئەو وتە باوەی نێو خەڵك بیردێنێتەوە کە دەگوترێ (کات هیچ بەرەکەتی نییە) چەندە خێرا کاتەکانی ژیانمان دەڕوات، یان هەندێ کەس گلەیی ئەوە دەکەن، کات بەشیان ناکات و پێڕاناگەن و بەرنامە و پلانەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. چواندنی خێرایی شەمەندەفەر بە کاتەکانی ژیان بە مەبەستە شاعیر توانیویەتی زیرەکانە کردەی لێکچواندنەکە بە ئەنجام بگەیەنێت و وێنەیەکی شیعری بەرجەستە بکات! ناوبراو وێنەی ژیانی بەوشێوەیە دێتە پێشچاو کە شەمەندەفەری ژیان تەنانەت وێستگەیەکیشی نییە، هەڵبەتە ئەم وێکچواندنە دروستە و ڕاستی تێدا دەبینرێت؛ لەبەر ئەوەی زەمەن و کاتی ژیان هیچ جۆرە پشوو یان وێستگەیەکی تێدانییە مرۆڤ هەر لەو ڕۆژەی لەدایك دەبێت بەردەوام بەنێو قۆناغەکانی تەمەنی خۆیدا هەنگاو دەنێت و گوزەردەکات. تا ئەو کاتەی کۆتایی بە ژیانی دێت. یان دەڵێ:

تەمەن
تونێلێکی پڕاوپڕ
لە
وێستگەیە (سەڕاج، 2012: 15).

تەمەن واتە بوون و هاتنە نێو ژیان، ژیانێك پڕێتی لە ئاڵۆزی و نهێنی، مرۆڤ هەموو ئەو تەمەنەی هەیەتی بەدوای نهێنییەکانی ژیان هەڵپەدەکات و دەیەوێ زانیاری لە تەواوی کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە بەدەست بهێنێت، شاعیر چەمك و مانا قووڵ و ئاڵۆزەکانی ژیان بەجۆرێك وێنادەکات، ژیانی بە تونێل و وێستگەگەلێك چواندووە، دەکرێ بەم شێوەیە خوێندنەوەی بۆ بکرێت ئەویش وێناکردنی تەمەنی مرۆڤ بە توونێلێکی پڕ لە وێستگە، دیارە تەمەن و ژیانی مرۆڤ بریتییە لە چەندین قۆناغ و وێستگەی جیاواز وەکو: قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکاری و پێگەیشتن و پیری و کۆتایی ئەمانەش هەموو وێستگە نادیارەکانی ژیانی مرۆڤن، گەر مردن یەخەی پێنەگرێت دەکرێ بەو تونێلانەی تەمەندا گوزەر بکات و بگات بە دواوێستەگە، کە مردن و کۆچی کۆتاییە.

ژیان
جگەلە گەمەیەکی ئیرۆتیکی
چیترە (سەڕاج، 2012: 22)

هاشم سەڕاج لەم شیعرەدا مانا و مەبەستەکانی ژیانی مرۆڤی لە قاڵبداوە و لە یەك گۆشەنیگاوە تیشکی دەخاتەسەر، ئەویش لایەنی سێکسە، ئیرۆتیك و سێکس پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان بە بابەتە ئەدەبییەکانەوە هەیە ئەم ئاراستەیەش لە ئەدەبی هەموو گەلاندا بوونی هەیە، بەڵام هەردووکیان لە پێناسەدا جیاوازن، سێکس وەك غەریزەیەك لە جەستەی مرۆڤ و گیاندارانیدا بوونی هەیە پرۆگرامێکی دیاریکراوە و ئامانجی پارێزگاریکردنە لە جۆر، کە لەڕێگەی کۆدی بۆماوەیی تایبەت بە ڕەمەك (غەریزە)ی سێکسییەوە دەکرێن، بەڵام ئیرۆتیك باس لە حەز و ئارەزوو نهێنییەکان و تاوتوێی چێژی پەنهانی ژیان دەکات (میرە، 2024: 109) ناوبراو لێرەدا ژیانی چڕکردووەتەوە لە چوارچێوەی چێژ و خۆشییەکانی سێکس، کە لەڕێگەی وێنە ئیرۆتیك و ورووژێنەرە سێکسییەکانەوە بەرجەستە دەبن، ئاشکرایە غەریزەی سێکس وەك بەشێکی گرنگی مرۆڤ چاوی لێدەکرێت و بەرپرسە لە وەچە خستنەوە و بەردەوامبوونی ژیان و مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ و تەنانەت گیاندارانیش، بەڵام ئەوەی شاعیر مەبەستییەتی ژیان بەبێ بوونی ئەو چێژ و خۆشییەی لەڕێگەی سێکسەوە بەدەست دێت هیچ بەها و مانایەکی تێدا نییە، لای شاعیر ژیان بە بوونی ئەو وێنە ئیرۆتیکانە چێژی پتری هەیە لە شیعرێکی تریشدا دەڵێ:

ژیان
تابلۆیەکی شەکەرییە
لە
ئیرۆتیك (سەڕاج، 2012: 22)

دیسان بابەتی ورووژاندن و ئیرۆتیك بووە بە مەغزای شیعرەکە، شاعیر هێندە مەسەلەی ئیرۆتیکی لەنێو شیعرەکەیدا بەرزکردووەتەوە وەك بڵێی تەواوی ژیان لەپێناو ئیرۆتیك و گەمە سێکسییەکان هاتبێتە ئاراوە، ئەو پێیوایە

ڕامكردنی ژیان جگەلە لە تابلۆیەكی ئیرۆتیكی ڕامكراو بە حەزە سێكسییەكان چیترە، ئەوە لەم شیعرە بەدی دەكرێت ورووژاندنی حەزە سێكسییەكان ڕۆڵێكی بەرچاوی گێڕاوە و سەڕاج ژیان لەو تابلۆ ئیرۆتیكە ورووژێنەرانە دەبینێتەوە، كە سەرچاوەی تێركردنی حەزە سێكسییەكانە وێنەی ژیان لێرەوە بە مانای خۆی دەگات.

ژیان
خۆشییەكی پڕتەقاڵییە
خومڕەنگیشە (سەڕاج، 2012: 55)

شاعیر لەڕێگەی ئەم كۆپلە شیعرەوە وێنە جۆراوجۆرەكانی ژیان دەخاتەڕوو، دەیەوێ لێرەوە ئەوە بەیان بكات، كە ژیان یەك ڕەنگ نییە و چەندین ڕەنگ لەخۆدەگرێت، بە مانایەكیتر هاشم سەڕاج دەیەوێ بڵێ ڕاستە ژیان ڕەنگی جوان و خۆشییەكانی تێدا بەرجەستە دەبێت، دەكرێ مرۆڤ چێژ لە خۆشییەكان وەربگرێت و بەكامی دڵی لەنێو ئەو خۆشیانەدا خۆی نقوم بكات، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانێ هەموو ئەو خۆشی و ئارامی و چێژانەی ژیان كاتیین هەرچەندە زۆریش بخایەنن دواجار بەكۆتا دەگەن و ڕەنگە نەخوازراوەكانی ژیانیش ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە و دەبنە مایەی خەم و ئازار و هەندێجاریش لەناوچوون، ڕاستە ژیان خۆشی تێدایە بەڵام بەتەنیشت خۆشییەكانەوە ناخۆشیش وەك سێبەر بەردەوام ئامادەگی هەیە.

تەمەن
كەڵەكەكردنی
ئەلبوومەكانی یادەوەرییە (سەڕاج، 2012: 51)

ئەلبوومی وێنەی یادگارییەكانی مرۆڤ تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ ئەو قۆناغانەی تەمەن، كە چەندە بەزوویی تێدەپەڕن و منداڵیی هێندەی پێناچێت گەورەبوون و پێگەیشتن و لەوێشەوە هەنگاوەكان بەرەو پیری تەكاندەدەن، زەمەنە تێپەڕبووەكانی تەمەن دەبن بە ئەو وێنە یادگاریانەی لە دوو توێی ئەلبوومی وێنەكاندا هەڵگیراون. شاعیر سوودی لەو وێنە یاگاریانە وەرگرتووە و قۆناغەكانی ژیان و تەمەنی بە ئەو وێنانە چواندووە، كە لەمیانەی وێنە و قۆناغە جیاوازەكانی تەمەندا دەچركێندرێن و یاداشت دەكرێن. لای نابراو قۆناغەكانی تەمەن وەك پڕكردنەوەی وێنەی ئەلبوومەكانە و ڕۆژبەڕۆژ گۆڕانكارییەكانی جەستە و ڕواڵەتی مرۆڤ تێیدا بەدیاردەكەون، ئەلبوومەكانیش تێكڕای قۆناغەكانی تەمەن لەخۆدەگرن.

مرۆڤ
جگەلە موسافیرێك
چیتر نییە (سەڕاج، 2012: 165)

شاعیر بەهۆی ناوهێنانی (موسافیر) گەشتیار مەغزای شیعرەكەی خۆی بونیادناوە و جەخت لەسەر ئەوەدەكات ژیانی مرۆڤ لەم دونیایە هاوشێوەی ئەو موسافیرەیە بەمەبەستی گەشت بۆ شوێنێك دەڕوات، دوای ڕوانین و سەرنجدانی ئەو جێیەی پێیدەگات ئیتر ئەو شوێنە جێدەهێڵێت و بەرەو مەنزڵگا و ماڵەكەی خۆی دەست بە گەڕانەوە دەكات. لە دیدی سەڕاجەوە ژیانی ئەم دونیایە وەك ئەو ساتە كورتانەی گەشتیارەكەیە و پاش تەواوبوونی گەشتە كورتەكەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێن و جێگەی خۆی، شاعیر دەیەوێ بڵێ ژیانی ئەم دونیایە زۆر كورتە و بەزوویی تێدەپەڕێت و تەواو دەبێت، هەروەها دەبێت بۆ مەنزڵگاكەی خۆی بگەڕێتەوە، كە گەڕانەوەیە بۆ ژیانی داهاتوو، ئەوێش بە ماڵی هەتاهەتایی ناوبراوە.

ئەوەی لەم بەشەی (چەمكی ژیان) لەخوێندنەوەی شیعرەكانی هاشم سەڕاج بەشێوەیەكی گشتی بەدیاردەكەوێت، جۆرێك لە بێهیوایی لە ژیان دەخوێندرێتەوە؛ ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت شاعیر پێیوایە ژیان هەرچەندە درێژ بێت و تەمەن دەرفەتی هەموو وێستگەكانی ژیانی بدات هەر بەكۆتا دەگات و زەمەن كاتییە و هەرچۆنێك گوزەربكات، مرۆڤ چێژ و خۆشییەكانی بەدەست بهێنێت یاخود لێیان بێبەش بێت لەكۆتاییدا گەمەكە تەواو دەبێت و لەهەر ئان و ساتێكدا بێت ژیان بە پایان دەگات.

**تەوەری دووەم: مردن**

مەرگ وەك مەسەلەیەكی ئاڵۆز و پرسێكی نهێنی زۆترین گەنگەشە و قسەوباسی لەبارەوە كراوە، هاشم سەڕاج وەك تاكێكی هۆشیار و كاریگەر بەم چەمكە دەبینین ئەم بابەتە ڕووبەڕێكی فراوانی لەنێو شیعرەكانیدا گرتووە، نابراو لەڕێگەی شیعرەكانییەوە توانیویەتی زۆرترین پرسیار لەبارەی مردن و پاش مردن بخاتە بەرباس و بەم كارەی بیری خوێنەر دەوردەدات و وادەكات خوێنەر بە ئاسانی دەست لە خوێندنەوە و قووڵبوونەوە لەو شیعرە پرسئامێزانەی بە مەسەلەی مەرگەوە پەیوەستن هەڵنەگرێت و پتر بەدیارییەوە ڕابمێنێت؛ بۆ ئەوەی وەڵامگەلێكی دەست بكەوێت و دەروونی ئاسوودەبكات، بۆ نموونە لە شیعرێكدا دەڵێ:

مردن

شێوە گۆڕینی
ژیانە (سەڕاج، 2012: 181)

ئەوەی لەم شیعرەی هاشم سەڕاجدا دەخوێندرێتەوە ئەوەیە مردن لەناوچوون و کۆتا وێستگەی ژیان نییە، بەڵکو لەدەرەوەی ئەم جیهانە جیهانێکی تریش بوونی هەیە، ئەو ژیانەش هاوشێوە و دەقاودەق وەکو ژیانی ئەم دونیایە نییە، ژیانێکە هەموو شتێکی لەم ژیانەی ئێمە جیاوازە؛ چونکە شاعیر بە ئاشکرا ئاماژە بە دوای مردن دەکات، کە ژیانی پاش مەرگ ژیانێکی ترە و جیاوازە لەم ژیانە ئاساییەی ئێمە تێیدا دەژین. هاوکات ئاماژەیەکی دیکەی شیعرەکە دەکرێ ئەوەبێت مردن تەنها لەناوچوون و پووکانەوەی جەستەیە، لە هەمبەردا ڕۆح نامرێت و وەك خۆی دەمێنێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ستایلی ژیانی ڕۆحەکە دەگۆڕێت و جیاواز دەبێت لەو ژیانەی ئێستای ئەم دونیا بەرجەستەییەی ئێمە هەستی پێدەکەین و بەشێوەی فیزیکی لەنێویدا دەژین.

ساتێ هەیە جیهانی دڵ
هەرەسدێنێ (سەڕاج، 2012: 77)

ئاشکرایە یەکێك لە ئەندامە سەرەکی و بزوێنەرەکانی جەستە برتییە لە دڵ، واتە دڵ سەنتەر و هەڵسووڕێنەری بەشە جیاوازەکانی لەشە، لە گەیاندنی خوێن بە هەموو ئەندام و پێکهاتەکانی جەستە بەرپرسە. لەهەر ئەگەرێك دڵ نەتوانێ خوێن بۆ هەر پێکهاتەیەکی جەستە نەگەیەنێت ئەوا ئەو بەشەی جەستە بەرەو لاوازی و پووکانەوە دەچێت، شاعیریش مردنی بەستووەتەوە بە لەکارکەوتن و وەستانی دڵ، دەیەوێت بڵێ هەموو کەسێك کات و ساتی مردنی دیاریکراوە و لەگەڵ تەواوبوونی کاتەکەی دڵە بەهێزەکەی هەرەسدەهێنێ و تەواوی بەشەکانی جەستەی لەکاردەکەون و لێرەشەوە خامۆشبوونی هەتاهەتایی جەستەی بەدوادادێت، کە خۆیدەبینێتەوە لە مردن و کۆتایی تەمەن.

بەرلە ماڵئاوایی
ڕوانینەکانت
تۆمار بکە (سەڕاج، 2012: 161)

شاعیر باس لە مردن دەکات ئەو مردنەی هیچ کەسێك نازانێ کەی و لەکوێ بەرۆکی مرۆڤ دەگرێت و لەم ژیانە دایدەبڕێت، ئەو ماڵئاواییەی شاعیر ئاماژەی بۆ دەکات مردنە، دەیەوێ بڵێ هەرچی زووترە بیروبۆچوون و ڕوانینەکان لەهەر بوارێك و بۆ هەر مەبەستێکە بەخێرایی بیاننووسەوە و تۆماریان بکە؛ چونکە ئەگەری زۆرە تەمەن کورت بێت و دەرفەتی ئەوە نەدات مرۆڤ بە کامی دڵی خۆی بیربکاتەوە و ڕوانینەکانی لەسەر کایەکانی ژیان تۆمار بکات. مەرگ کات و ساتی لای مرۆڤ نادیارە و هەر کاتی هات بەبێ دواکەوتن جێبەجێ دەبێت و دەفەتی یەك چرکەش بە کەس نادات.

هەریەکێك لە ئێمە
لەناکاو وندەبێت (سەڕاج، 2012: 44)

ئەو مەرگە نادیار و کات ڕانەگەیەنراوەی هەمیشە بەدوای تاك بە تاکی مرۆڤەکانەوەیە، ئێمەی مرۆڤ نازانین کەی تەمەنمان کۆتایی دێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکەین، ئەمەش حیکمەتی خۆی هەیە؛ چونکە زانینی کات و ساتی مردن مانایەك بۆ هیوا و ئاواتەکانی ژیان ناهێڵێتەوە و مرۆڤ گەر بزانێ کەی دەمرێت لەژیان بێهیوا و دەستەوەستان دەبێ و ناتوانێ هەنگاوێ ڕێ بکات، بەڵکو بەدیار چاوەڕوانی هاتنی مەرگی خۆیەوە سام دەیگرێت. مردن و کۆچی کۆتایی ژیانی بۆ ئێمە ڕێکخستووە و وایکردووە مەرگ وەك کردەیەکی تاڕادەیەك نیمچە ئاسایی بێتەبەرچاو، هەروەك مردن و ونبوونەکەش هێدی هێدی ئاسایی دەبێتەوە و ژیان لەسەر سکەی خۆی بەردەوام ڕێدەکات.

مەرگ
تریی ڕەزی تەمەن
دەرنێ (سەڕاج، 2012: ١٢٩ )

سەڕاج لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەیەکی هونەرییەوە دەقێکی جوانی مەزراندووە، ئەویش بەهۆی لێکچواندنی ترێ بە ڕۆحی مرۆڤەکان و ڕەزیش بە ژیان و تەمەن، هێزی شیعرەکەش لەو لێکچواندنەدایە، کە شاعیر زیرەکانە کەرەستەی لێکچواندنەکەی هەڵبژاردووە و پێکڤە ڕێکیخستوون. ئاشکرایە بەری درەختەکان کاتێ پێگەیشت دەبێت برندرێت و لێبکرێتەوە، گەرنا خۆی لە درەختەکە دەکەوێتە خوارەوە، هەڵبەتە ئەو ڕنینەی شاعیر مەبەستیەتی مردنە واتە دەرهێنان و ڕنینی ڕۆحەکان لەجەستە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی بە قۆناغەکانی تەمەندا گوزەریان کردووە و هاوشێوەی بەری درەختەکان بە کۆتا وێستەگەکانی ژیانیان گەیشتوونە، مردنیش وەك شەمەندەفەرێك چاوەڕوانیانە و دەیەوێ لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچیان بکات.

مردن
هێزێکی نادیارە

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7**

بوون لەناودەبا       (سەڕاج، 2012: 134)

ئەوەی هاشم سەڕاج لەم پارچە شیعرەدا باسی دەکات بابەتی مردنە، هەرچەندە ئاماژە بۆ بوون و ژیانیش دەکات، بەڵام ئەوەی پتر لەشیعرەکە دەخوێندرێتەوە مەسەلەی مەرگە، پێوایە ژیان و بوون بۆخۆیان هەن و لەگەرمەی مژووڵی ژیانکردندان، بوون خەریکی ڕاییکردن و ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانە، کەچی لەپڕێکدا هێزێکی باڵادەست و نادیار دێت و یەخەی بوون (ژیان) دەگرێت و پەلکێشی مەرگی دەکات. بەرەو جیهانی دووەم لەگەڵ خۆیدا دەیبات، کە مردن هات هیچ بوونێکی لەم جیهانەدا مانای نامێنێت. هەروەها دەکرێ شیعرەکە ئەم مەبەستەشی لێ بخوێندرێتەوە، مردن بە دەستی هێزێکە دەسەڵاتێکی لەبنەنەهاتووی هەیە و بەخشینی ژیان و لێسەندنەوەش (مردن) هەر بەدەست و فەرمانی ئەو هێزەیە، کە ئێمەش ئەو هێزە دەسەڵات لەبنەنەهاتووە بە خودای گەورە دەناسین، هێزەکە دەکرێ ئاماژە بێت بۆ فریشتەی گیان کێشان.

مرۆڤ
نازانێ
بوونەوەرێکی ئەبەدی
نییە         (سەڕاج، 2012: 164-165)

ئەوەی لێرەدا شاعیر جەختی لەسەر کردووە ئەوەیە مرۆڤ هێندە لەم دونیایە هەڵپە دەکات و تێدەکۆشێت، ئەوەندەش خۆی بە کاروبارەکانی ژیان و بەدەستهێنانی بژێوی سەرقاڵ کردووە ئەوەی بیرچووە، کە لەهەر کات و ساتێکدا بێت مەرگ دێت و یەخەی پێدەگرێت و لە هەموو شتەکانی پەیوەست بەم دونیایە دایدەبڕێت، ڕەوانەی شوێنێکی تری دەکات. سەڕاج دەیەوێ ئەوە بیربهێنێتەوە کە ئەم ژیانەی ئێمەی مرۆڤ تاسەر نییە بۆ هیچ کەسێك بەردەوامی نابێت و ئەبەدی بوون بۆ مرۆڤ نییە، بە کورتی شاعیر تیشك دەخاتەسەر نەبوونی بایەخی ژیان؛ چونکە هەرچەندە زۆر بژین و تەمەنمان درێژ بێت ڕۆژێك هەیە بەکۆتا وێستگەی ژیان دەگەین و دەبێت ئەم دونیایە بەجێبهێڵین و بمرین.

مرۆڤ
جیهان دروست دەکا
و
جێیدەهێڵێ          (سەڕاج، 2012: 140)

هەر نزیك لە بابەتی کەم بایەخی ژیان هاشم سەڕاج لەم شیعرەی سەرەوەشدا دیسان ئاماژە بەوە دەکات مرۆڤ هێندە مژووڵی کاروبارەکانی دونیایە و خەریکی دروستکردن و بونیادنانی جیهانە وەك بڵێی بەتەمای ئەوە نییە ڕۆژێك دێت دەبێت جێیبهێڵێ! ژیانی ئەم دونیایەی ئەوەندەی لەلادا خۆشەویستە و گرنگی پێدەدات، ئەوەی بەبیریدا نایەت مەسەلەی مردن و جێهێشتنی ئەم جیهانە بابەتێکی حەتمییە و ڕۆژێ دادێ بنە و بارگەی تێکدەنێ و لەم دونیا پان و بەرینە دەردەچێت و بۆ هەتاهەتایە کۆچدەکات.

مەرگ
پایزی وەرزی تەمەنە     (سەڕاج، 2012: 166)

گەر بەوردی سەرنجی ئەم شیعرە بدەین ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە شاعیر سوودی لە لێکچواندنی تەمەنی مرۆڤ بە وەرزەکانی ساڵ بینیوە و توانیویەتی بونیادی وێنەی هونەریی شیعرەکەی لەسەر بنەمای ئەم شێوازە لێکچواندنە دابمەزرێنێ، ئەوەیش وەرزی پایزە، ئاشکرایە پایز وەرزی خەزان و هەڵوەرینی گەڵای درەختەکانە وەرزی لەناوچوون و مت بوونی درەخت و بەشێکی زۆری گیاندارانە، ئەوەی شاعیر مەبەستییەتی دەریبڕێت ئەوەیە مردن وەك ئەو پایزە وایە، کە چۆن گەڵای درەختەکان و بەشێکی زۆری ڕووەکەکانیش دەمرێنێت و دواتر ئەو گەڵا و ڕووەکانە دەرزێن و دەبنەوە بەخاك، مرۆڤیش بەهەمان شێوە کاتێك هەیە پایزی مەرگی بەیان دەکرێت و ئەو مەرگە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی دەکات و بەهار و سەرەتای تەمەنی بۆ یەکجاری لەناودەبات و بەتەواوی لەم دونیایەی دادەبڕێت.

مەرگ
تارماییەکی شینە
لە پڕێکا
دەردەکەوێ      (سەڕاج، 2012: 135)

شاعیر لەڕێگەی چواندنی مەرگ بە تارمایی توانیویەتی وێنەیەکی جوانی شیعریی بونیادبنێت، تارمایی هەمیشە لە تاریکیدا دەردەکەوێت و مایەی ترس و خەمە، لای هەندێ کەس برواوایە تارماییەکان ڕۆحی مرۆڤ یان گیانلەبەرێکی مردووە دەکرێت وەک زیندوویەک دەربکەوێت؛ بۆیە دەبینین زۆرجار لە تاریکیدا مرۆڤ هەست بە ترس و بوونی تارمایی دەکات یان واهەست دەکات کەسێك وەك تارمایی بەدوایدا دێت. کەواتە ئەوەی ڕوونە تارمایی بەگشتی ڕوانینێکی نەرێنی بۆ کراوە. مردنیش لای شاعیر ئەو تارماییە ترسهێنەرەیە، کە لەپڕێکدا دەردەکەوێت و

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (117-131)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.7

گیانی زیندوان لە جەستەدا دەکێشێت. لەو سۆنگەیەوە شیعر توانای کردنەوەی پتر لە دەلاقەیەك و زیاتر لە ڕوانینێكی دیاردە و پێشهاتەكانی هەیە؛ بۆیە دەكرێ ئاماژەیەكی تری شیعرەكە ئەوەبێت مردن بەبێ ئاگاداری و دیاریكردنی كات لەناكاودا دێت و كاری خۆی دەكات، واتە مردن بەهیچ شێوەیەك ئەو كەسانە ئاگادار ناكاتەوە لەوەی كاتی مردن و كۆچی دواییان نزیك بووەتەوە، بەڵكو وەك تارمایەكی شین دەردەكەوێت و ڕۆح لەجەستەی كەسی دیاریكراودا دەكێشێت و بەرەو جیهانی داهاتووی ڕەوانەدەكات.

ئاماژەی مەرگ
بەهیچ شێوەیەك
ناخوێندرێتەوە (سەڕاج، 2012: 110)

یان دەڵێ:

ئاماژەكانی
مەرگ سرکن
ناگیرێن (سەڕاج، 2012: 175)

مردن ئەو نهێنیەیە مرۆڤ تا ئێستاش نەیتوانیوە ئاماژەكانی بخوێنێتەوە و نازانێ چ كاتێك مەرگ یەخەی پێدەگرێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە هەستی پێدەكرێت كەسێك دەبینی لە هەرەتی لاویدایە و لە لوتكەی گەشەی جەستەیی و عەقڵی دایە، بەڵام وادەبینرێ لە پڕێكدا دەڵێن فلان كەس مرد، مقۆ مقۆ دروست دەبێت و دەپرسن بۆچی مرد، خۆ نەخۆش نەبوو، گەنج بوو، هیچ هۆكارێك نەبوو ئەی بۆچی مرد؟ لەولاشەوە مرۆڤی بەتەمەن و نەخۆش هەن چەندین ساڵ بەو تەمەن و نەخۆشییەوە دەمێننەوە و نامرن ئەمەش ئەو نهێنیەیە، كە ئێمەی مرۆڤ ناتوانین كات و ساتی مردنی خۆمان بزانین. زانینی كاتی مردن تەنها خودا خۆی دەیزانێ و هەر زاتی خۆی دیاریكردووە و زانیاری بە كاتی ڕوودانی مردن هەیە. كەواتە شاعیر گەیشتووە بەو بڕوایەی مرۆڤ هیچ كات ناتوانێ نهێنی كاتی هاتنی مەرگ دیاری بكات یان بیزانێ.

دواجار بەرەو
بێدەنگییەكی ڕەها
دەڕۆم (سەڕاج، 2012: 165)

هاشم سەڕاج لە ئەزموون و تێگەیشتنی خۆیەوە بەو بڕوایە گەیشتووە، كە هەنگاوەكانی بەرەو وێستگەكانی كۆتایی ژیان دەڕۆن، ئەو پێیوایە ژیان هەرچەندە درێژ و تژی بێت لە وێستگە و ڕەنگەجیاوازەكان، ئەوا كۆتایی دەروازەكە بۆ هەمووان ئاوەڵایە و بەبێ جیاوازی و هیچ گرفتێك تاك بە تاكی مرۆڤەكانی لێوە ئاودیو دەبن. دەڵێ بەرەو بێدەنگییەكی ڕەها دەڕۆم واتە خۆشی بەرەو ئەو كۆتاییە دەڕوات كە لەنێو شیعرەكانیدا بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر باسی لێوە كردوون ئاماژە و شێوازەكانی مەرگی خستبووە ڕوو، كەچی لێرەدا ئاماژە بەوەدەكات خودی خۆشی بەرەو دابڕان و بێدەنگی هەتاهەتایی هەنگاودەنێت و مەرگ لە بۆسەی چاوەڕوانیدایە بۆی؛ چونكە مردن ئەو ڕووداوەیە هیچ كەس و زیندوویەك لێی دەرباز نابێت و بەرۆكی كۆی گشتی بوونەوەران دەگرێت، لەكۆتاییدا ئەمانەتی ڕۆحەكەی لێوەردەگرێتەوە و بەرەو جیهانێكی تری دەنێرێت.

لەبارەی چەمكی مردنەوە بە سەرنجدانی شیعرەكانی سەڕاج بەشێوەیەكی گشتی جۆرێك لە گلەیی و گازاندە لە خودی بابەتی مردن هەستی پێدەكرێت، شاعیر بەزۆری جەختی لەوە دەكاتەوە مردن هێزێكە هیچ بەزەیی بەرانبەر بە هیوا و خواستەكانی مرۆڤ نییە و وەك سێبەرێك بەردەوام بەدوای ڕۆحەكانەوەیە و چاوەڕوانی ئەو زەمەنە دیاریكراوە دەكات، كە بۆ ژیان و تەمەنی هەر كەسێك دیاریكراوە. لەهەر كات و شوێنێك تەمەن گەیشت بە كۆتا هیچ دەرفەتێك بۆ یەك هەناسەی ژیان نامێنێت و ڕۆح بۆ هەمیشە لە ژیانی ئەم دونیایە دادەبڕێت و ڕەوانەی جیهانی داهاتووی دەكات.

## ئەنجامەكان

1. هاشم سەڕاج لەنێو (نانۆ شیعر)ەكانی بەجۆرێك بونیادناوە، كە بە ژمارە ڕیزبەندی كردوون هەر دەقێكی سەربەخۆیی خۆی هەیە، جیایە لە دەقە شیعرێكیتر.
2. مردن و ژیان وەك دوو چەمكی سەرەكی لەنێو شیعرە نانۆكانی (هاشم سەڕاج)دا بەرچاو دەكەون.
3. شاعیر پتر لای لە چەمكی مردن كردووەتەوە، بۆ ئەم بابەتە شیعری زیاتر بەراورد بە چەمكی ژیان دەبینرێن.
4. لەكۆی ئەو شیعرانەی بابەتی ژیانیان لەخۆگرتووە زیاترن لە (٣٠) كۆپلە شیعر.

5. لەکۆی ئەو شیعرانەی بابەتی مردنیان لەخۆگرتووە زیاترن لە (50) کۆپلە شیعر.
6. لەبارەی تەمەن و ژیانەوە شاعیر شیعر گەلێکی زۆری بۆ ماناو مەبەستە قووڵەکانی ژیان نووسیوە.
7. شاعیر لەڕێگەی ئەو شیعرە نانۆیانەوە، توانیویەتی بەنێو قوڵایی مانا و مەبەستەکانی چەمکی ژیان و مردندا ڕۆبچێت و پەنجە بخاتە سەر بەشێك لە دیوە نهێنی و شاراوەکانی ئەو بابەتانە.

## لیستی سەرچاوەکان:


- **قورئانی پیرۆز**
- **سەرچاوە بەزمانی کوردی:**

1. ئەحمەد، تریفە محەمەد (2019). دیالیکتی بوون و نەبوون، ماستەر نامە، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.
2. عەلی، بەختیار و قەرەداغی، هێمن (2012). مەعریفە و ئیمان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
3. جاف، دلێر (2001). ڕۆح لەنێوان ئیسلام زانستدا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
4. پاڵەوان، سەلاح حەسەن (2008). داهێنان و مەرگ، چاپی دووەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی
5. جەمال، نەوزاد (2014). میتافیزیك لە ڕێڕەوی سەردەمدا (کێشەو پرسەکانی میتافیزیك لەڕوانگەی چەند فەیلەسوفیکەوە)، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
6. حەوێزی، د. دەریا جەمال حەوێز (2014). جیهانبینیی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەراست لە باشووری کوردستان)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
7. حسێن، پ.ی. د. هیوا کەریم (2024). گوتاری مردن و تێگەیشتن لە ژیان لای شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری کوردستانی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی، ژمارە: (11).
8. حسێن، د. جەبار (2022). چەمکی ژیان و مردن لە شیعری (گۆران)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (48). هەولێر.
9. عبدالباقی، دیار (2013). گەورە فەیلەسوفانی ئیسلام، چاپی یەکەم، و. ڕۆشنبیری بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.
10. عبداللە، شوانە نوری (2024). چەمکی نیلهیزم و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردی شێوەزاری سۆرانی دا (هاشم سەڕاج) بەنموونە، Journal of Language StudiesVol.8,No.3, Pages 218-197
11. سروش، عەبدولکەریم (2009) چیەتی مەرگ، و. موسعەب ئەدهەم زەڵمی، چاپی یەکەم، نێوەندی سایە، سلێمانی.
12. سەرگەینێڵی محمد حسین (2015). گەردوونی نادیار، چاپی یەکەم، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی (زنجیرە کتێبی زانست و مرۆڤ (5))، هەولێر.
13. سەڕاج، هاشم (2012). شیعری نانۆ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبە و فیکری نما، هەولێر.
14. کەمال، محەمەد (د)، (2019). ئەنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپی چوارەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.
15. مالرۆب، میشێل (2006). مرۆڤ و ئایینەکان، و. هیوا مەلا عەلی سورەدێی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، سلێمانی.
16. ماکواری جۆن (2015). فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، و.ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
17. میرە، د.ئەحمەد محەمەد ڕەشید (2021). (پێگەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە بونیادنانی گوتاری سێکسی لە شیعردا، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمار:12.

- **سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:**

18. ابو كراع، مصطفى مسعود (2023). فلسفة الموت في الشعر العباسي، اطرحة الدكتورا، قسم اللغة العربية كولية الاداب جامعة الزاوية.

19. افلاتون (2022). محاورات افلاتون (اوطيفرون – ديفاع – اوقيرطون – فيديون)، ت.زكي نجيب محمود، مؤسسة هنداوي، قاهيرة، مصر.
20. ابو جامع، محمد محمد و حمدان، أ.د. خالد حسين (2023). الديانة البوذية و نظرتها للانسان في ضوء العقيدة الاسلامية، IUG Journal of Islamic Studies Peer-reviewed (pp 27-43), vol: 31, no: 2. Journal of Islamic University-Gaza
21. خضر، أ.د. كريم نجم و أسماء، كاوه مصطفى (د.ت). مقارنة الحيات بعد الموت فى منضور بعض الديانات الوضعية، مجلة جامعة العراقية، عدد (68ج3)، ص180-188.
22. شعبلو ملاك سعيد محمد (2016). رؤية الموت في شعر محمد القيسي، الرسالة ماجستير، في اللغة العربية والاداب، كولية الاداب والعلوم، جامعة الشرق الاوسط.
23. كاظم، د. سناء عويد (2024). عالم ما بعد الموت في العراق واليونان القديم (دراسة المقارنة)، مجلة واسط للعلوم الانسانية، مجلة:20، عدد:1، واسط، (ص 1-30).
24. ميصباح، صبرينةو سميشة، فائزة (2024). حرق الموتى عند الهندوس دلالاته و امتيداداه الى غربي المتوسط من خلال المصادر الاثرية، مجلة عصور الجديدة – مجلة علمية محكمة مصنفةج يصدرها مختبر تأريخ الجزائر كلية العلوم الانسانية والاعلوم الاسلامية- جامعة وهران، المجلة:414، العدد:2 (ص 367-412).
25. شعراوى ، محمد متولي (1991). الحيات والموت، مؤسسة اخبار اليوم، القاهيرة.
26. شورون، جاك (1984). الموت في الفكر الغربي، ت. كامل يوسف حسين، علم المعرفة، الكويت.
27. مصطفي، مزاحم مصطفي و سليمان، نور عبدالحميد (2024). رومانتيكية الحلم و الموت والولادة في القصص الاشياء الغائبة، **Journal of Language Studies**. Vol.8, No.1 (45-26)
28. وادى ، سمية عصام ابراهيم (2017). جدلية الحيات والموت في الروايات كنفاني و ابراهيم نصرالله، رسالة ماجستير، غير منشورة، للغة العربية كولية الاداب جامعة الاسلامية بغزة، فلسطين.
29. ادلر ، ئەلفريد (2005). معنى الحيات، ت. عادل نجيب بشرى، مجليس الاعلى للثقافة، القاهيرة.
30. وطفة ، الدكتور علي اسعد (2012). فلسفة الموت: تأمولات وجودية، مجلةالموقف الادبية الشهرية، العدد 491/ أزار / مارس، ص (37-47) الكويت.